# خەمۆکی

حەمەسەعید حەسەن

(١) هیچ حەز لەو شتانە ناکەیت کە جاران بە لاتەوە خۆش بوون؟ زۆر بە دەگمەن هەست بە شادیی دەکەیت؟ پێت وایە هاوڕێکانت زۆر لە تۆ خۆشتر ڕادەبوێرن؟

(٢) هەست بە ماندوویێتی و بێهێزیی دەکەیت؟

(٣) ئیشەکانی خۆت وەک جاران بە باشی بۆ جێبەجێ ناکرێن؟ خاو بیر دەکەیەوە؟ بە زەحمەتێکی زۆر، ساکارترین بڕیار دەدەیت؟

(٤) کێشەت لەگەڵ خەوتندا هەیە؟ زۆری پێ دەچێت تا خەو دەتباتەوە؟ کە خەوتیت، زوو زوو بێدار دەبیتەوە؟ یان: زۆر زوو خەوت لێ دەکەوێت و زیاد لە پێویستیش دەخەویت؟

(٥) لەگەڵ خواردندا چۆنیت؟ لە جاران زێتر یان کەمتر، دەخۆیت؟ لە جاران زێتر حەزت لە شیرینییە؟ قورساییت ڕوو لە هەوراز یان نشێوە؟ پۆشاکەکانت بە بەرت تەسک بوونەتەوە؟ یان: دەڵب دەنوێنن؟

(٦) لە جاران کەمتر قسە دەکەیت؟ زۆر خاووخلیچک بوویت؟ یان: زۆر قسە دەکەیت؟ لە هیچ کوێ ئۆقرە ناگریت و هەست بە بێئارامیی دەکەیت؟

(٧) پێت وایە کەسێکی بێبایەخ و ناشیرین و کەمئاوەزیت؟ وا هەست دەکەیت ئەوە گوناهی تۆیە کە شتی دزێو ڕوو دەدات؟ بێ ئەوەی هەڵەت کردبێت، ویژدانت ئازارت دەدات؟

(٨) زۆر بیر لە مردن دەکەیەوە؟ بیرت لە خۆکوشتن کردووەتەوە؟

*

ئەگەر وەڵامی چوار یان زێتر لەم پرسیارانە، لە کن تۆ (بەڵێ)یە، ئەوا ڕەنگە تووشی دەردی سامناکی خەمۆکی هاتبیت و چاکتر وایە، چی زووترە سەردانی دەروونناسێک بکەیت.(*)

٢٠٠٤/٤/٢٤

(*) ڕۆژنامەی ئەفتۆن بلادێتی سویدی (٢٠٠٤/٤/١٢)

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET